

ئیبراهیم کالن

### کێشەی متمانە و نیگەرانیی بەرانبەر

# ئەوانەی ئەمبەر و ئەوبەری سنوور: تەسەووری جوگرافیایەکی تازە راستە

لە سەدەی ٢١دا کەوتینە قۆناغێکی نوێوە، کە هاوسەنگیی هێزە گەردوونییەکان کۆمەڵێک لێپێچینەوە دەکەن. جگە لە لێکدانەوەی ستراتیژیکیی کورتخایەن، پرسیاری نوێ لە پەیوەندی لەگەڵ رەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا دێنە ئاراوە. ئەو رەخنانەی لە ئەوروپا و رۆژئاوا دەگیرێن، ئاماژە بە لەدایکبوونی تەسەوری زەمان و مەکانێکی نوێ دەدەن. ئەو راستییەی کە مرۆڤایەتی تەنیا لە بریتی لە یەک ناوەند نییە و لە یەک ناوەندیشەوە ئیدارە ناکرێت، خۆی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کولتوور، هونەر، بیناسازی، فەلسەفە و سیاسەت و هەموو بوارەکانی ژیاندا نیشان داوە. تەکتۆنیک و شارستانییەتە ئۆتۆنۆمەکانی رابردوو، جێی خۆیان دەدەن بە ئەزموونە مێژووییە گەورەکان و ناسنامە فرەلایەنەکانەوە. لایەنە جوان، باش و راستەقینەکەی مرۆڤایەتی، درێژەی هەیە. زۆری و جیاوازیی وەڵامەکان، هیچ لە گرینگیی پرسیارەکان کەم ناکەنەوە.

بەو شێوەیەی کە (هێگل) و (وێبر) فۆرمۆڵەیان کردوون و گەییشتوونەتە ئێمە، بەڵێنی سەردەمی رۆشنگەری بۆ کۆمەڵگەیەکی عەقڵانی و ئازادیی فەردی، دەیان گۆڕانکاری بەسەردا هات و گەیشتۆتە ئەمڕۆمان، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو بەهایانەی کە سەرمایەداریی جیهانی پێناسەیان دەکات، ئیتر جگە لە تەنزیم کردن و زیادکرنی سوودمەندی، هیچ مانایەکی دیکە بەخۆوە ناگرێت. لە لایەک خاوەن هێزەکان بەو روانگەیەی کە خۆیان بۆ خۆیانیان درووست کردووە و هەوڵ دەدەن بەسەر خەڵکی دیکەیدا بسەپێنن، لە لایەکی دیکەشەوە بێهێزەکان بەو هەستە دەجوڵێنەوە، کە زیندوو بمێنن. ئەو کاریگەرییە لەوە بەرهەم هاتووە تەنها نابێتە هۆی ئەوەی کە وردە وردە چەمکی عەدالەت بێ مانا بکات، بگرە سیستەمێک کە لەسەر بنەمای هێز دامەزراوە، دەیکاتە تاکە زەمینە لە بواری پەیوەندییە جیهانی و نێودەوڵەتییەکاندا. بەم شێوەیە بەهاکان دەکرێن بە ئامراز و فۆرمی نۆرماڵ و ئاسایی مرۆڤ وردە وردە بەرەو درندایەتییەکی هابزچییانە دەگۆڕێت. بەو پێیە پێویستە بڵێین کە کێشەی بنەڕەتیمان، هێشتا مەسەلەی ئەخلاقە.

لە کاتێکدا کە ئەخلاق جگەلە سوودێکی کۆمەڵایەتی پشتی بە بنەمایەکی گەردوونییەوە بەستووە، ناتوانین بە نییەت و چالاکیی مرۆڤەکانەوە سنوورداری بکەین. بە پێچەوانەوە وەک ئەوەی فارابی لە (شاری نموونەیی)دا ئاماژەی پێداوە،لەئاڕاستەیەکی کۆزمۆپۆلیتیکیدا، دەربڕی ئەو بەهایانەیە کە بۆ سیاسەت و پەیوەندیی مرۆڤەکانەوە درێژ بوونەتەوە. بەم پێیەوە، ئەخلاق، تەنیا شێوازێکی هەڵسوکەوت کە لە نێوان تاکەکاندا بێت و «بەپێی رەوش واتای بدرێتێ»، نییە. بەرفراوانترین واتای وشەکە، ئەوەیە کە بەپێی سروشتی شتەکان هەڵسووکەوت بکرێت.

بیرکردنەوەی ئەخلاقییانەی مۆدێرنی کانت، ئەم مۆدێلەی تا رادەیەکی زۆر رەت کردەوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەها ئەخلاقییەکانی کانت هەڵگری بنچینە ئایینییەکان بوون، بەڵام بە بیرکردنەوەی سەردەمیانەی، دەتوانین ببینین کە بەئەخلاقبوون وەک بنەمایەکی «کراوە بۆ فرۆشتن»ی لێ هاتووە. قەیرانی ئەخلاقیی ئەوروپا کە لە کێشەکانی فاشیزم و رەگەزپەرستییئەوروپاوەتارادەی قاچاخچێتیی مرۆڤ و ماددە سڕکەرەکان چووە، کە لە لایەن ئەم بیرکردنەوەیەی «فرۆشیارانەی» ئەخلاقەوە سەرچاوە دەگرێت.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئەو قەیرانە ئەخلاقییە لە رەتکردنەوەی بەها ئەخلاقییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. سەرچاوەی ئاڵۆزکردنی کێشەکان، بەتاڵکردنی ناوەڕۆکی بەها ئەخلاقییەکان و پێناسکردنەوەیان لە زەمینەیەکی

بێبەهایانەیە. نە لە رابردوو و نە لە ئەمڕۆدا، هیچ کەس ئەوە دەرناخات کە باش و خراپ دەربڕی بەهاکانن. بە پێچەوانەوە هەموو کەس لەسەر ئەوەی کە ئەخلاق یەکێک لە پێکهاتە هەرە سەرەکییەکانی مرۆڤە، هاوبۆچوونن. نازییەکانی ئەڵمانیا، ئەنجامدەرانی کوشتارەکانی هیرۆشیمان، هەڵەبجە و بۆسنیا، هەموویان ئیدعای ئەوەیان کرد کە مەشروعییەتێکی ئەخلاقییان هەیە و دەشیکەن. روخسارە پیس و فۆڕمە نادیارە خراپەکانیان، لە مەسەلەی ئەخلاقدا و تەنانەت خراپتریش لە بەرامبەرمان دەردەکەون. قەیرانی ئەخلاق کە لە پشت وشەکانی پێشکەوتن وەک ململانێی نێودەوڵەتی، ئابووریی بازاڕ، پێشکەوتوو و کەم پێشکەوتوو و سیستەمی نوێی دنیا خۆی حەشار داوە، نیشان دەدات کە قۆناخی «نۆرماڵبوونی بێئەخلاقی» ئەوەندەش ساکار نییە.

ئەو زەمینە ئەخلاقییەی کە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پشتی پێوە بەستووە، لەگەڵ ئەم کێشانەدا رووبەڕوویە. لە کاتی شەڕی ساردا، کە سیستەمێکی دووجەمسەری بەسەر دنیادا زاڵ بوو، تا ئێستا کە دنیا تاکجەمسەرییە و بەرەو فرەناوەندی هەنگاو دەنێین، پێشکەوتنێکی ئەوتۆمان لەو بوارەدا نەبینی. شەڕی یەکەمی کەنداو کە ساڵی ١٩٩١ و دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە بوو، خاڵی دەستپێکی تاکجەمسەریی بە ناوەندێتیی ئەمریکا بوو. دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر، ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی ئەخلاقییلانە و ڕێگەپێدراو بۆ بوونی بە تاکەهێزی دنیایەکی تاکجەمسەری، زۆر ڕێگەی تاقی کردەوە، بەڵام هیچ یەک لەمانە ئەوە دەرناخەن کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، بوش سیاسەتی نوێی ئەمریکای لە ژێر ناوی شەڕی جیهانیی دژی تیرۆر، ڕێگەی بۆ سیستەمێکی ئەمنییەتی و ترساندن کردەوە. لە بەرامبەر ئەم سیاسەتەدا، سێ کاردانەوەی جیاواز سەریان هەڵدا. وڵاتە رۆژئاواییەکان کە ئەم سیستەمەیان قبووڵ کرد، هەندێک جار دەقاودەق و هەندێک جاریش بە بێدەنگمانەوەیان یارمەتیی سیاسەتەکانی بوشیان دا. رێژیمە سەرکوتکەرەکان ئەوەیان بە هەلێک بینی و بۆ سەرکوتکردنی دژایەتییە ناوخۆییەکانیان، بەکاریان هێنا. ئەو وڵاتانەش کە دژی ئەو سیستەمە دەرکەوتن، بە کێشە لەقەڵەم دران و بە تیرۆریست راگەیێندران.

ئێستاش دەکەوینە نێو قۆناغێک کە دابەشکردنی هێز بووەتە کێشەیەکی سیاسی و ئەخلاقی، نەک تەنیا هێزە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو هێزە ناوچەییەکانیش ناچارن ئەوە قبووڵ بکەن، کە دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز لەمەودوا، راستییەکە. باجی تاکەهێزبوونی ئەمریکا دوای رووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر بە روونی دەرکەوتن. داگیرکردنی ئەفغانستان و عێراق، بەلاڕێداچوون و هەڵەی زلهێزێک نیشان دەدەن. لە قۆناخێکی پڕناوەندی و فرەجەمسەرییبووندا، شانسی بوونی ئەمریکا یان هەر هێزێکی دیکە بە تاکەهێزبوون، کەمتر دەبێتەوە. سەدەی بیست و یەکەم، نەک تەنیا رووداوی نوێ، بەڵکو دەبێتە سەد ساڵی سەر لەنوێ پێناسکردنەوەی هێز و مۆدێلی نوێی دابەشکردنی هێزەکان.

تەواوی ئەمانە، هەواڵی گۆڕانکاریی زۆری ناوچەکەی ئێمەیان پێیە. نزیکەی دوو دەیەیە بە لەناوچوونی کاریگەریی سیستەمی ناوەندێتیی رۆژئاوا، خەڵکی ناوچەکە چاو بە روانگەی خۆیان، دەوروبەریان و جیهاندا دەخشێننەوە. تەسەوری جوگرافیای نوێ، دەربازکردنی قالبی تەسکی دەوڵەتی نەتەوەیی کە لەگەڵ سیستەمی جیهانیدا تێکەڵ بووە، دەکەنە راستییەک. نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دوای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و لە لایەن وڵاتانی ئەورووپییەوە کێشرا، چەندین ساڵە لەجیاتی چارەسەری، کێشە دروست دەکات، لەجیاتی سەقامگیری، ڕێگە بۆ پێکدادان خۆش دەکات و لەجیاتی ئاشتی، زەمینەسازی بۆ شەڕ دەکات.

بە هەمان شێوە پێناسانەی دەوڵەتی نەتەوەیی کە بۆ مافی هاووڵاتیبوون و تاک سەپاندوونیەتی، واتاکانیان لەدەست دەدەن. ئەو عەقلییەتە بەرتەسکەی کە ئەو پێناسانە رێیان بۆ کردووەتەوە، لە لایەکەوە ڕێگە بۆ تاکی شەڕخواز خۆش دەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە کولتوور و جوگرافیایەک لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە دەسەپێنن. پێویستە ئەوە دەربخرێت کە ئەو سیستەمەی ئەزموونی مێژوویی هەزار و چەند ساڵە و کاریگەریی کولتوورییەی بۆ کەسایەتیی شەڕخواز گۆڕیوە، لەگەڵ راستییەکانی ئەمڕۆ یەک ناگرنەوە.

ئەو جوگرافیا مرۆیی و کولتوورییەی لە باڵکانەوە تا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقازستان درێژ بووەتەوە، بە هۆی ئەمەوە لە حاڵەتێکی پارچەبوو، بەرتەسکبوو و گوشاراویدایە. هەموو کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی یان ئابوورییەکان کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەر چاو دەکەون، بە هۆی ئەم کەسایەتییە شەڕ خوازەوە، وەک کێشەیەکی ئەمری واقیعیان لێ هاتووە. شەڕی سەدساڵەی نێوان تورکەکان و عەرەبەکان، ئەوەندەی راستییە بەرچاوەکان، پشتی بە دوژمنایەتیی خەیاڵییەوە بەستبوو.

کاتێک کە ئێمە بە عەرەبەکانمان دەگوت «لە دواوەوە لێیان داین، خیانەتیان لە دەوڵەت کرد»، ئەوانیش دەیانگوت «تورکەکان بوونە گاور و ئەوروپایان پێ لە ئێمە باشتر بوو، ئەوان لە رابردووشدا وەهایان لە ئێمە کرد و پشتیان تێ کردین». تەنانەت هەمیشە بە گومانەوە دەڕوانینە ئێرانیش کە چەندین ساڵە هیچ شەڕێکمان نەکردووە. بۆ زیندووکردنەوەی شەڕی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی، وەدوای زۆر بیانوو کەوتین. شیعەبوونی ئێرانییەکانمان کردە کێشەیەکی گەورە. هەمیشە سوننەبوونی خۆمان وەبیر ئێران هێنایەوە و پێمان وا بوو ناچارین شەڕ بکەین. هەموو شتێکمان بۆ جیاکردنەوەی شیعە و سوننە کرد و خۆمان لەوەی کە مرۆڤایەتی و ئەخلاق لە سەرووی هەموو ئەوانەوە، بە دوور گرت.

کاتێک سەیری کوردمان دەکرد، ئەوانمان بە تێکدەری یەکپارچەیی و ئەتنۆ سێکۆلاری خۆمان دەبینی. هەوڵمان دا بە چاوی هاووڵاتی سەیری هەموو کەس بکەین، بەڵام هیچ چارەیەک جگەلە تەسلیمبوون بە دەوڵەتی نەتەوەییمان نەهێشتەوە. بە هۆی ئەوەی لە تورکیا دین و نەتەوە، واتا پرسی ئیسلام و کوردمان لێک نەکردەوە، ئەو کێشانەمان نەبینی یان پشتگوێمان خستن. کاتێکیش بە شێوازێکی دیکە هەوڵی چارەکردنی ئەو کێشانەمان دا، کێشەکەمان ئەوەندەی دیکەش قووڵ کردەوە. ئەوانەی هەوڵی بەربەرەکانیی هێرشەکانمانیان دا، بە دوژمنمان راگەیاندن. بەو سیاسەتە هەڵە و گوماناوییانەی لەسەر بنەمای هەستی «دوژمن دەورەی داوین» و هەڕەشەی «دوژمنی ناوخۆییمان» لەسەرە داڕێژران، خەڵکی خۆمان کردە ئامانج. ئەو سیاسەتانەی لە ژێر ناوی یەکێتی و یەکسانی پەیڕەو کران، جگە لە پارچەبوون، هیچ دیارییەکی دیکەیان پێ نەبوو.

ئەو کاتانەی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە توانی لەو چوارچێوەیە دەربچێت، زۆر کاریگەر و ئاشتیخوازانە بوو. لەوەش گرینگتر، دۆستایەتی ناوەوەمانی دەرخست و رێگەی پێداین، کە لە روانگەیەکی جیاوازەوە بڕوانینە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە. ئەم چوارچێوەیە لە کاتەکانی شەڕدا، ئاڵۆزی و پێکدادانی وەپێش خست. هەستی بوونی دوژمنی زۆر مەترسیداری بەهێز کرد، جیاوازییەکان بوونە ئاستەنگ، خەڵکی خودی تورکیا بە چاوی «ئەوی دیکە» سەیری یەکتریان کرد. لە کاتێکدا کە سنووری سروشتیی خۆمان دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی، ئاسایش و ئەخلاقە، ئەوانمان بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان، ناسنامە ئەتنیکییەکان و حیسابە سیاسییەکان گۆڕی.

پەیوەندییەکانی تورکیا و باکووری عێراقیش لە لایەن ئەم دینامۆیانەوە دەستنیشان کران و دەستنیشان دەکرێن. ئەو سیاسەتانەی لەسەر بنەمای ترس، گومان، ئاڵۆزی و دوژمنایەتی بونیات نران، ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر یەک جوگرافیادا دەژین، لە دڵ و مێشکەوە لە یەکتری دوور کردەوە. ئەو کۆمەڵگایانەی دەبێ پشتیان بە پشتی یەکتری بدەن، بوون بە دوژمنی یەکتری. کورد و تورکەکانی ئەمبەر و ئەوبەری سنوور، لە یەکتری بێگانە بوون. زمانی کوردی و تورکی وا دانران کە زمانی دوو دنیای جیاوازن. لە رێگەی وەرگێڕەوە دەستیان بە قسە کرد.

ئەمڕۆ هەمووومان زۆر بە روونی ئەو کێشانە دەبینین، کە ئەم هەڵسوکەوتە رێگەی بۆ خۆش کردووە. لە سەدەی بیست و یەکەمدا، بە قووڵترکردنەوەی سنووره دروستکراوەکان ناتوانین کێشەکانمان چارە بکەین. نەک ئەوانەی ئەم بەر و ئەو بەری سنوورەکان، بەڵکوو ئەوانەی لەو بەری سنوورەکانەوە بیر دەکەنەوە و وای دادەنێن کە سنوورەکان هەڵگیراون، دەتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن. ئەزموونی مێژوویی هاوبەش، جوگرافیای هاوبەش و بیرکردنەوەیەکی هاوبەش بۆ داهاتوو، باشترین زەمینەی پێکهێنانی پەیوەندییەکی درێژخایەنی تەندروست و کاران. بەرپرسیارێتیی ئەوەی کە ئەو زەمینەیە بە قوربانی یاریی هێز و حیسابی سیاسی نەکەین، لەسەر شانی هەموومانە.

ئەم لایەنە ئەخلاقی و مرۆڤایەتییەی پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ عێراق بە گشتی و باکووری عێراق بە تایبەتی، زۆر لە ستراتیژی و سیاسەتی کورتخایەن و مامناوەندیی گرینگترە. بۆ چارەکردنی کێشە سیاسییەکان، پێویستیمان بە شتی گەورەتر لە سیاسەت هەیە. بۆ چارەی درێژخایەنی کێشەکان، نەک بەرژەوەندی، بەڵکو سیاسەتێکی ناوچەیی لەسەر بنەمای رێزگرتن پێویستە. لەمەش گرینگتر، سیاسەتێکی لەم شێوەیە مومکینە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە تورکەکان، کوردەکان، تورکمانەکان، عەرەبەکان، موسڵمانەکان، مەسیحییەکان و هەموومان بە شێوەیەکی درێژخایەنانە بیر بکەینەوە.

ئەگەر تورکیا کێشەی کوردەکانی ناو خۆی چارەسەر بکات، دەتوانێ پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردەکانی دیکەی ناوچەکە بدات. ئەگەر زەمینە بۆ چارەکردنی مەسەلەی تیرۆر، پاشکەوتوویی ناوچەیی و ناسنامەی سیاسی خۆی نەکرێت و لە ئاستی تورکیادا هاوبەشییەک دروست نەکرێت، ئیمکانی ئەوە نییە کە ئاسایش و ئارامییەک لە دەرەوەی سنوور بونیات بنرێت. بۆ ئەوەی کێشەی کورد لە حاڵەتی کێشەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە بهێنرێتە دەرەوە. تورکیا دەبێ سیاسەتێکی بوێرانە و ئازادیخوازانە دابڕێژێت.

هەڵسوکەوتێکی پڕترس و گومان بەرامبەر کورد، لە بەردەم تورکیادا بۆ چارەکردنی کێشەی کورد، گەورەترین ئاستەنگە. ئیتر دەبێ سیاسەتی جیاکاریی هاووڵاتی و هاومێژووی خۆمان وەلاوە بنێین. بۆ دروستکردنی بڕوا، سەرەتا پێویستە بڕوابەخۆبوونمان هەبێت. بە هەمان شێوە ئەگەر پەیوەندیی تورکیا و باکووری عێراق بۆ ئاستی مەسەلەکانی پەککەکە و کەرکووک دابەزێنین، جگە لە کەمکردنەوەی ئاستی سیاسەت و مێژوومان، هیچی ترمان نەکردووە. بێگومان ناچارین بۆ چارەکردنی ئەو کێشانە هەوڵ بدەین. لەم کۆنفرانسەدا، قسە لەسەر ئەو بابەتانەش دەکەین، بەڵام خاڵی کلیکی ئەوەیە، کە بەپێی چوارچێوەی کام لایەن، باس و لێدوانەکانمان بەڕێوە بەرین.

بۆ بەرەوپێشچوونی تەندروستانەی ئەم قۆناخە، لە واشتنۆنەوە تا هەولێر، لە بروکسێلەوە تا سلێمانی، هەموو هێزە دەرەکییەکان دەبێ بە شێوەیەکی بونیاتنەر بەشدار بن. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کردنی کورد بە ئامرازی بەربەرەکانیی هێز، تەنیا بە بەرتەسککردنەوەی سیاسەتەکانی ناوچەکە ناوەستێت، لە هەمان کاتدا کوردەکان وەک کۆمەڵگایەکی کراوە بۆ دەستتێوەردان لێ دەکات. ئەمەش ناحەقییەک لە بەرامبەر کورد و ناوچەکە دەبێت. دەرکەوتنی کوردەکان لە بەرامبەر وەها سیاسەتێکدا تەنیا وەک کورد نا، بەڵکو وەک مرۆڤێکی ناوچەکە، یەکێک لە گرینگترین هەنگاوەکان بۆ ڕێگەگرتن لە ناسنامەی سیاسییە.

لەم چوارچێوەیەدا وەلاوەنانی سیاسەتی ئەتنیکی، هەم بۆ داهاتووی عێراق و هەم بۆ سیاسەتی ناوچەکە، گرینگییەکی زۆری هەیە. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کە دوو هەفتە لەمەوبەر ئەنجام درا، یەکەم ئاماژەکانی بێزاربوونی خەڵکی عێراق لە سیاسەتی ئەتنیکی بوو. کۆبوونەوەی کورد، شیعە و سوننە تەنیا بە هۆی ئەو ناسنامەیە و دژایەتیکردنی ئەوانەی لە دەرەوە دەمێننەوە و زۆر خراپتریش ئەوەی کە وەک بێگانە سەیر بکرێن، نەک تەنیا داهاتووی عێراق دەخاتە ژێر مەترسییەوە، بەڵکو خەڵکی ناوچەکەش لە یەکتری دەکاتە دوژمن. ناسنامەی شەڕکەر لەسەر بنەمای ئەتنیکی، بە واتای لەناوبردنی هەستی خاوەندارێتیی هاوبەش لە نێو خەڵکی عێراق و ناوچەکەدا دێت.

ئەم خاڵە هەستیارە، بۆ پەیوەندیی تورکیا و کوردەکانی باکووری عێراق، گرینگی هەیە. چونکە باکووری عێراقێک کە لە ڕوانگەیەکی شەڕکەرەوە بڕوانێتە عەرەبەکان یان تورکمانەکانی عێراق، هیچ کات لە پەنجەرەیەکی جیاوازەوە سەیری تورکیا ناکات. بە هەمان شێوە تورکیایەک کە عێراقییەکان بەپێی ئەتنیک و مەزهەب پۆلێن بکات و بەپێی ئەم ناسنامانەوە سیاسەتەکانی بۆ عێراق دابڕێژێت، ناتوانێ پەیوەندییەکی درێژخایەنی لەگەڵ باکووری عێراقدا هەبێت.

داهاتووی عێراق کە پاش تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر داگیرکردنیدا تازە دەستی بە بونیاتنانەوە کردووە، بە هەڵگرتنی ئەم ئاستەنگانەوە بەندە. دووبارە دروستکردنەوەی بڕوای نێوان باکووری عێراق و تورکیا، پەیوەندیی بە پێکهاتەکانی دیکە و تا ڕادەیەکیش چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەم قۆناغەوە هەیە. عێراقێک کە ناوەندەکەی لە دەست داوە، تا دەڕوا بەرتەسکتر دەبێت و ناسنامەی ئەتنیکی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتووە، لە باکوورەوە تا باشوور کەس ئیدارە ناکات، بەم هۆیەشەوە دەبێتەوە عێراقێک کە ئاسایش و سەقامگیری بۆ داوا ناکرێت. عێراقێک کە لە ڕووی مرۆیی و سیاسییەوە پارچە بووە، نەک تەنیا بۆ عێراقییەکان، بەڵکو بۆ تەواوی وڵاتەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگاکان دەبێتە سەرچاوەی کێشە.

سەرمایەی ئەخلاقی و سیاسی بۆ چارەکردنی ئەو کێشانە لە کوێ کۆ دەکەینەوە؟ بە بڕوای من پرسیارە بنەڕەتییەکەمان ئەوەیە. هیوادارم ئەم کۆنفرانسە گرینگەی هەولێر بۆ لێکۆڵینەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارە، ئاسۆیەکی ڕوونمان نیشان بدات.